٧٩
١٤/٥/٨

**بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە یاسای ( هاوکاری بۆئافرەتانی بێ هاوسەر )**

بەرێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**هاوکاری بۆئافرەتانی بێ هاوسەر**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| -١ | شێرکو جودت مصطفى | |
| -٢ | ابوبکر عمر هەڵەدنی | |
| -٣ | سهراب میکائیل | |
| -٤ | سهام عمر قادر | |
| -٥ | کەژاڵ هادی حمصي | |
| -٦ | غریب مصطفى محمد خان | |
| -٧ | حاجی کاروان | |
| -٨ | بەهار عبدالرحمن محمد | |
| -٩ | عمر صالح عمر (عمر گویز) | |
| -١٠ | مولود مراد محی الدین | |
| -١١ | | |
| -١٢ | | |
| -١٣ | | |
| -١٤ | | |
| -١٥ | | |
| -١٦ | | |
| -١٧ | | |
| -١٨ | | |
| -١٩ | | |

# پرۆژەیاسای هاوکاری بۆئافرەتانی بێ هاوسەر

**ماددەی یەکەم:-**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

ئافرەتانی بێ هاوسەر: ١-کچێك کەتەمەنی لەسەر و ٣٥ ساڵەوەبێ

٢-ئافرەتێك هاوسەری وەفاتی کردبێ یان لێی جیابوبێتەوە

**ماددەی دووەم:-**

نەبونی هاوسەر نابێ ببێتە هۆکاری بێبەش بونی ئافرەتان لە هیچ هاوکاریەکی حکومەت ( لە سلفەو زەویو.... )کە ئافرەتی هاوسەرداری هاوتایان بە پێیی خزمەت وبروانامەی خوێندن سودمەند دەبن.

**ماددەی سێهەم:-**

هەر ئافرەتێکی بێ هاوسەر( بێوەژن یان مطلقة ) وخاوەن منداڵی نا باڵق (کەخانویان نیەو کرێچین )پێویستە یەکەیەکی نیشتەجێ پێ ببەخشرێ.ودواتر بە قیستی لەسەرخۆو بە پێی توانای خۆیان لێیان وەربگیرێتەوەو باش تەواو بونی قەرزەکەیان تاپۆ دەکرێت لەسەر خێزانەکە.

**ماددەی چوارەم:-**

ئافرەتی بێ هاوسەر توانای وەرگرتنی سولفەیەکی هەبێ لە نێوان ( ٥-٢٤ ) ملیون بو کاری پێویست وەك ( خانووکردن یاخود سەیارەکرین یاخود پروژەیەك کەکاریکی پێ را پەرێنێ )

**ماددەی پێنجەم:-**

١- پێویستە لەسەر وەرگری سلفەکە ئەگەر فەرمانبەربو لەماوەی ١٠ساڵ بیداتەوە .

٢-ئەگەر وەرگری سلفەکە فەرمانبەر نەبوو ئەوا ئەو پرۆژەی هەیەتی دوای تەواو بونی قیستەکەی دەکرێتەمولکی خۆی .

**ماددەی شەشەم:-**

حوکمەکانی ماددەی سێهەم وچوارەم و پێنجەم هەموو ئافرەتێکی بێ هاوسەر دەگرێتەوەکەسودمەند نەبوە لەهیچ جۆرە سلفەیەك .

**ماددەی حەوتەم:-**

لایەنی پەیوەندیدار( وەزارەتی دارایی وکاروباری کۆمەڵایەتی ) رێنومایی پێویست دەردەکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەشتەم:-**

لەبەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی ( وقائعی کوردستان )کاری پێ دەکرێ.

**هۆکاری دەرچواندنی ئەم یاسایە:-**

بەهۆی ناسەقامگیری باری ناوخۆیی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی هاولاتیان بەگشتی لەژێر جەورو ستەمی دیکتاتۆری لەناوچو دەیانناڵاندو ئافرەتان پشکی شێریان بەرکەوتوە یان بە بێوەژن کەوتن بەمردنی هاوسەریان یان بەهۆی کێشەی کومەلایەتی لەهاوسەریان جیابونەتەوە و یاخود بەهۆی دواکەوتنیان لەشوکردن ومانەوەیان بێ هاوسەر. جابۆ ئەوەی هەموو هاولاتیان بەیەکسانی سودمەند بن لەحکومەت ونەو توێژەش لەکۆمەڵگا هەست بە پەراوێز خستن نەکەن ئەم یاسایە دەرچوێنرا.